# دڵنیاكردنەوە

بەڕێزێك لەبەر ئەوەی وتارێكی ئێمەی بەدڵ نەبووە كە لە ڕۆژی یەكشەممە ڕێكەوتی ٢٨,٤,٢٠٠٢ دا لە ماڵپەڕی كوردستان نێتدا بڵاوبووەوە، لە نووسینێكیدا بۆ دڵخۆشیدانەوەی خۆی ئەگەری ئەوەی هێناوەتە گۆڕێ، كە ڕەنگە ئەم وتارە ڕای ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیریی نەبێت و نووسینی تاكە كەسێك بێت.

ئێمە زۆر بەكورتی دەڵێین:

١. هەر مرۆڤێكی كامڵ دەزانێت كە هەر نووسینێك بە ناوی ڕێكخراوێكەوە نووسرابێت، مانای وایە ڕای ڕەسمی ئەو ڕێكخراوەیە.
٢. گەر چی ئێمە ناچار نین ئەم بابەتە ڕوون بكەینەوە بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزە شەوێك زووتر بێ دوودڵی بنوێت دەڵێین: بە شێوەیەكی گشتی هیچ ڕێكخراوێك بۆ نووسینی وتارێك كۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبردن ناكات، بەڵام بۆ بێبەختی ئەو بەڕێزە، وتاری ناوبراو لە كۆبوونەوەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێكەوتی ٢٥,٤,٢٠٠٢ ی دەستەی بەڕێوەبردن بڕیاری لەسەر درا، كەلەوێدا بەڕێزان: سالار سۆفی، ڕێبوار كەریمی، درەخشان عەلی و حەسەن زەكی ئامادەبوون.

بە هیوای ئاسوودەیی

ناوەندی ڕۆشنبیریی كوردی/ فنلەند
nauand@hotmail.com
٦ ی ئایاری ٢٠٠٢

© Kurdistan Net